

# تەبلێتێک بۆ خوێندنەوە و نووسین



ئێستاکە لە جیهانی دیجیتالیدا بازاڕی تەبلێت لەوپەڕی گەرمیدایە، تەبلێت ئامێرێکە کە بچووکترە لە کۆمپیوتەری نۆتیبوک و لە مۆبایلێکی ئاساییش گەورەترە. تەبلێت نە ماوسی هەیە و نە کیبۆرد، بەڵام زۆربەی ئەرکەکانی کۆمپیوتەر ئەنجام دەدات.

لەم دواییەدا تەبلێتی جۆری Not-salte هاتۆتە بەرهەم کە لەوپەڕی سادەیی و ساکاریدایە و بەئاسانی دەتوانی وەك وایت بۆردێك سوودی لێوەربگری.

لە راستیدا ئەو تەبلێتە زیاتر بۆ نووسینی یادداشت و وێنەی گرافیکی و کتێب خوێندنەوەیە. شاشەکەی 13 ئینجە و بەقەد وەرەقەیەکی A4 دەبێت و بۆ نووسین زۆر گونجاوە. هەر جارێك شەحن بکرێتەوە تاکو 180 کاتژمێر دەتوانی کاری پێ بکرێ. ئەو تەبلێتە زۆر گونجاوە بۆ خوێندنەوەی فایلەکانی PDF و گوێگرتن لە فایلە مۆسیقییەکانی MP3.

# هاردیسکێک 42 ترابایت لەخۆیدا خەزن دەکات



کۆمپانیای sans digital یەکێکە لەم کۆمپانیانەی کە هەمیشە لەبواری دروستکردنی فلاش میمۆری و هارددا کار دەکات. لەم دواییانەدا هاردێکی دروست کرد کە بە هاردی جۆری AccuRAID AR442F4 ناسراوە، ئەم هاردە نوێیە دەتوانێ تا 42 ترابایت داتا لە خۆیدا خەزن بکات و زیاتر بۆ data center دەگونجێت. هاردەکە بە سیستەمی RAID6 بەهێز کراوە بۆ ئەوەی کە هیچ چەشنە گرفتێك بۆ زانیارییەکانی سەر هاردەکە نەیەتە پێش. لەم هاردە نوێیەدا هیچ جۆرە USBیەك نییە. چونکە بۆ راگواستنی زانیارییەکی زۆر دەبێ لە کێبڵی فایبەری تیشکی سوود وەربگری. تا بتوانرێ بە خێراییەکی زۆرەوە زانیارییەکە رابگوازرێن.

# بچووکترین پرۆژکتەر تایبەت بە مۆبایل



ڤیدیۆ پرۆژکتەر ئەو ئامێرەیە بۆ نیشاندانی فیلم یان وێنە یان سلایدی سەر ئامێرە دیجیتالییەکانی وەکو ڤیدیۆ، سەتەلایت، کۆمپیوتەر...تاد لەسەر سکرین. بۆ ئەوەی کە رێژەیەکی زۆر لە بینەر ببینێت و وێنەکان بە روونی و گەورە دەربکەون. کۆمپانیایەکی سویسری لە داهێنانێکی نوێدا، بچووکترین پرۆژکتەری جیهانی تایبەت بە هاندە هۆشمەندەکانی مۆبایل بەرهەمهێناوە. کۆمپانیای S-Microelectronics رایگەیاند ئەو پرۆژکتەرە تەنیا 2.5 درێژییەتی و 6 ملمیش بارستایەتی. ئەو پرۆژکتەرە لە کۆنگرەی جیهانی مۆبایلدا نیشاندرا. دوای ئەم هەنگاوە هەندێك لە کۆمپانیاکانی جیهان بۆ نموونە کۆمپانیای گەورەی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتالی LGیش هەنگاوی ناوە بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژکتەری تایبەت بە مۆبایل. ئەو پرۆژکتەرانە وێنەکان بە کوالیتی زۆر بەرز نیشان دەدەن و وزەی کەمیشیان دەوێت.

# پلەیستیشینی لەمسیش هاتە بەرهەم




ئەوانەی حەزیان لەوەیە یاری ئەلکترۆنی بکەن و ئۆگری گەمە کردنن، دەزانن PSP چییە و چۆنی سوود لێوەربگرن. لەم دواییانەدا ئەو ئامێرە بە تایبەتمەندییەکی نوێترەوە هاتۆتە بەرهەم. ئامێرە نوێیەکە بە PSP2 ناسراوە خاوەنی شاشەیەکی لەمسی OLEDیە و لە G3یش پشتیوانی دەکات.

بەکارهێنەر دەتوانێ یارییەکانی تایبەت بەو ئامێرە لە ڕێگەی Gd-ta3 لە ئینتەرنێت دابەزێنێ. پێدەچێ ئەو ئامێرە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئامێری پلەی ستەیشینی مۆبایل، لایەنگرانی خۆی لەدەست بدات.

## ڕاگرتن و ڕێکخستنی وێنە دیجیتاڵییەکانتان بە پرۆگرامی Ashampoo Photo Commander بسپێرە

ڕاگرتن و ڕێکخستنی وێنەکان لە سیستەمی کۆمپیوتەردا بۆ ئەوانەی گرنگی بە ڕاگرتن و ئەرشیف کردنی وێنە دەدەن زۆر گرنگە. بۆ ئەوەی کە بزانی کامە وێنە لە چ بەشێکی کۆمپیوتەرەکەت دایە. بۆ نموونە وێنەیەکتان هەیە، بەڵام نازانی لە چ بەشێکدایە، یان هەتا دەیدۆزیەوە زۆری پێدەچێ، هەربۆیە چەندین پرۆگرام بۆ ئەو مەبەستە بەرهەم هاتوون کە ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن و کارئاسانی بۆ بەکارهێنەر بکەن. پرۆگرامی Ashampoo Photo Commanderیش یەکێکە لەم پرۆگرامانە. بەهۆی ئەو پرۆگرامە نەتەنیا دەتوانی فایلی وێنەکانت ڕێك بخەی، بگرە دەکرێ وێنەکانیش دەستکاری بکەی. بۆ نموونە دەکرێ بیان خەیە ناو چوارچێوە، یان چاك کردنی وێنە، دروستکردنی کارت پۆستاڵ لە وێنە، دروستکردنی سلاید لە وێنەکان. جگە لە فایلی وێنە دەکرێ فایلە ڤیدیۆییەکانیش ڕێك بخەی.

هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە:




- پشتیوانی کردن لە زیاتر لە 60 فۆرماتی وێنەیی جۆراوجۆر.
- تایبەتمەندی زیادکردنی چوارچێوە بۆ وێنەکان.
- توانای دروستکردنی فایلی PDF.
- توانای خەزن کردنی لەسەر DVD.




## دەفتەری دیجیتاڵی بۆ تۆمارکردنی یادداشتی ڕۆژانە

ئەوانەی یادداشتی ڕۆژانەیان دەنووسن، یان کە دەچن بۆ بازاڕ و شوێنێك نیازیان هەیە ئەوەی مەبەستیانە لە دەفتەرێکدا تۆماری بکەن، بە زۆری لە دەفتەرێکی بچووکی گیرفانی سوود وەردەگرن. قەت بیرتان لەوە کردۆتەوە کە دەفتەرچەی دیجیتالیش ڕۆژێك بێتە بەرهەم و ئەوەی مەبەستمان بێت تێیدا بنووسین. ئامێری The codex دەفتەرێکی یاداشتی ڕۆژانەیە کە ئەو توانایەی هەیە وەك کۆمپیوتەرێکی بچووك لە گیرفان بخرێ و یادداشتی ڕۆژانە و چەندین ئەرکی دیکەشی پێ ئەنجام بدات.

بەهۆی ئەو دەفتەرە دیجیتالییەوە دەتوانی وێنە و زانیاری بە کوالیتی زۆر بەرز لەسەر دەفتەرە تۆمار بکەی. دەفتەرچەکە لە دوو شاشەی بچووك پێکهاتووە. هەر کام لە شاشەکان بە جیا ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن. سەیر لەوەدایە ئەو ئامێرە بچووکە دەکرێ لەگەڵ ئینتەرنێتیش پێوەندی هەبێ.

# کیبۆردێکی تەواو هۆشمەند




کۆمپانیـــای مایکرۆســـۆفت وەك یەکێـــك لـــە گەورەتریـــن کۆمپانیاکانی بەرهەمێنی پرۆگرام لە جیهاندا ســـەیر دەکرێت. لەم دواییانەدا کیبۆردێکی بەناوی Opteimus maximus بەرهەم هێناوە کە خاوەنی شاشـــەیەکی گەورەی لەمسییە، لەسەر ئەو شاشە لەمسییە گشـــت دوگمەکانی تێدایـــە. دوگمەکانی بەجۆرێك داندراون کـــە بەکارهێنەر دەتوانی بە ویستی خۆی بیانگۆڕێ و دەکرێ بۆ زۆربەی ئەو پرۆگرامانەی کە مەبەستییەتی بیانگونجێنێ. کیبۆردەکەی ئەو زەختەی کە لەلایەن بەکارهێنەرەوە بۆ سەر دوگمەکان دێت هەست پێدەکا و بەمجۆرە لەگەڵ زەختەکە خۆی دەگونجێنێت.



# حەز دەکەی بزانی هاوڕێیانت لە فەیسووبکدا لە کوێ دەژین؟

پرۆگرامێکی نوێی فەیســـبووك کـــە ناوی where are my friendsە ئـــەو توانایە بۆ بەکارهێنەرانی فەیســـبووك دەرەخسێنێ، کە شوێنی نیشتەجێبوونی هاوڕێیانت لە فەیسبووکدا دەست نیشـــان بکات. ئەو پرۆگرامە بە ســـوود وەرگرتن لە IP کەســـەکە و بە هاوکاری Google map ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات و تەنانەت نەخشـــەی شوێنەکەش نیشـــان دەدات. هەرکە ئەو پرۆگرامەت کـــردەوە، پرۆگرامەکە وێنە و IP بەکارهێنەرەکە وەردگرێ. پاشـــان بە یارمەتی داتابەیسێك کە تایبەتە بەو بەشە لەخۆیدا خەزنـــی دەکات. لەو وێنەیەدا هێمای ڕەنگە ســـەوزەکە تایبەتـــە بە ئێوە خۆتان و ڕەنگی شـــین تایبەتە بە هاوڕێیانت و ڕەنگی سووریش تایبەتە بە کەسانی دیکە.



Your location is marked in green, your facebook friends are in blue and non-friends are in red

Location Wrong? Click here





# لەگەڵ مارکۆپۆلۆ با گەشتێک بکەین

ئەوانەی شـــارەزای مێژوون دەزانن مارکۆپۆلـــۆ کێیە، مارکۆپۆلۆ گەشـــتیارییەکی ڤێنیزی بوو کە سەری بە زۆر شوێنی دنیاداکردووە و تەنانەت کوردستانیشی دیوە و باســـی کەرکوکیش دەکات. لەم دواییە لەلایـــەن کۆمپانیایەك گەشـــتەکانی مارکۆپۆلۆ کـــراوە بە یارییەکی دیجیتالی لە ڕیزی یارییەکانی Hidden object واتە دۆزینەوەی شـــتە شـــاراوەکان. یارییەکە لە 36 قۆناغدا بەڕێـــوە دەچێت و زیاتر لە 180 شـــتی ون بوو دەبێ بدۆزیەوە. لـــە یارییەکەدا گرافیکێکی ســـەرنجراکێش، و مۆســـیقایەکی دڵگیر هێندەی دیکـــە یارییەکەی ســـەرنجراکێش کـــردووە. جگە لەو 36 قۆناغـــە، چەند قۆناغێکیش لەنێـــو قۆناغەکاندا هەیە. بەکارهێنەر لەم یارییەدا مەیلی خۆیەتی چ قۆناغێك هەڵبژێرێت. واتە یارییەکە قۆناغ بە قۆناغ نییە.

# پاسۆوردەکەت چەندە کاتی پێویستە بۆ ئاشکراکردنی؟!

زۆرجاران باسی گرنگی وشەی نهێنی واتە "پاسوۆرد"مان کردووە، هەرچەندە پاسوۆردەکەتان دژوار بێ و لە کاراکتەری زۆرتر سوود وەرگیرابێ، ئەوەندە بۆ ئەوانەی کاری "هاك" دەکەن دژوارە. هەتا وشە نهێنییەکە سادەتر بێ ئەوەندە ئاسانە بۆ ئاشکراکردنی. سەیری ئەم خشتەیە بکەن بۆتان دەردەکەوێت کە چۆنە. لەم خشتەیەدا بۆت دەردەکەوێ کە هەرچەندە کارەکتەرەکان زیاتر بن ئەگەری ئاشکرابوونیشی کەمترە. هەتا تێکەڵاوترین دیسان ئەگەری کردنەوەی دژوارترە. ئەگەر حەز دەکەی بزانی کە چەندی پێدەچێ تا پاسۆوردەکەت ئاشکرا بێ و پاسۆوردەکەت تا چ ئەندازەیەك لەبارەی ئەمنییەتییەوە بەهێزە، سەر لە سایتی www. Howsecureismypassword.com بدە، و پاسۆوردەکەی خۆت بنووسە و ئەوکات ماوەکەت بۆ دەردەکەوێت.

سایتی www.thepasswordmetter. comیش ئەوەت بۆ دەردەخات کە پاسۆوردەکەت چەندە ئاڵۆزە و چەندە جێگەی متمانەیە.




| کاراکتەر | پیتی بچووک | پیتی بچووک و گەورە | پیت و هێما |
|---|---|---|---|
| 6 پیت | 10 خولەك | 10 کاتژمێر | 18 رۆژ |
| 7 پیت | 4 کاتژمێر | 23 رۆژ | 4 ساڵ |
| 8 پیت | 4 رۆژ | 3 ساڵ | 463 ساڵ |
| 9 پیت | 4 مانگ | 178 ساڵ | 44530 ساڵ |

# Office دەبێتە ئۆنلاین و بۆ هەموو کەس دەبێت

گرنگتریـــن پرۆگرامەکانـــی کۆمپیوتەر ئەو کۆمەڵە پرۆگرامەن کە پێیان دەگوترێت office. چونکـــە ئەو کۆمەڵـــە پرۆگرامـــە وەڵامدەرەوەی داخـــوازی زۆربەی بەکارهێنەرانـــی کۆمپیوتەرن. کۆمپانیای مایکرۆســـۆفت کـــە بەرهەمهێنەری ئـــەو کۆمەڵە پرۆگرامەیە، بڕیار وایە لەم مانگەدا ئـــەو کۆمەڵـــە پرۆگرامەکە بکاتـــە ئۆنلاین و بە خۆرایی لـــە ئەنتەرنێـــت دایبنـــێ. ئۆنلاین بەو پرۆگرامانـــە دەگوترێت کە تەنیا لەکاتی هەبوونی هێڵی ئەنتەرنێتـــدا ســـوودی لێوەردەگیرێ، واتە پرۆگرامەکان گشـــت ئەرکەکانی office ســـەر کۆمپیوتەرەکـــەت جێبەجێ دەکەن، بەبێ ئەوەی کە دابەزنە سەر کۆمپیوتەرەکەت. لەمەولا بەکارهێنەر هیچ کات لـــە دڵەراوکێی ئەوە دا نابێ کە ئەگەر کۆمپیوتەرەکەی تێکبچێت ئیدی پرۆگرامەکانیشی دەســـڕێنەوە. چونکە هەر فایلێك کە لە ئۆفیسی ئۆنلاین دا دیکەیەوە لە ئەنتەرنێتدا خەزن دەبێت و ئیدی هەتا خۆت نەیسڕیەوە قەت ناسڕدرێتەوە.




# رۆبۆتە نوێیەکانی LG و سامسۆنگ ماڵەکەت بۆ گەسک دەدەن



بـــە کردنەوەی پێشـــا نگا ی ساڵانەی MWC2011 شەپۆلێکی نوێ لە ئامـــرازی نوێی دیجیتالی و ئەلکترۆنی دەرکەوتـــن، ئەمجاریان کۆمەڵێك بەرهەم دەبینران کە سەرنجی خانمانی ماڵەوەی رادەکێشـــا. یەکێك لەوان گەســـکێکی کارەبایی بوو کە بەبێ دەنـــگ ماڵەکە خاوێن دەکاتەوە ئەو گەسکەش بەرهەمی کۆمپانیای سامسۆنگ بوو.

گەسکە کارەباییەکەی سامسۆنگ رۆبۆتێکـــە بەنـــاوی Tango stealth کە سەرەڕای گەسکدان، خـــۆڵ و خاشـــاکیش پـــاك دەکاتەوە و زۆریـــش بێدەنگە، بـــەڵام هەر لەو پێشانگایەکەدا گەسکێکی کارەبایی LG بەناوی Roboking نمایش کرا، کـــە زۆر هۆشـــمەندە، نە تەنیا ماڵەکە خاوێن دەکاتەوە، بگرە گشـــت پایـــە و دیوارەکانیش دەناســـێ و بە هیچ جۆرێك خۆیـــان لێنادات، جگە لەوەش شوشـــە و جامیش دەناسێت و نایانشـــکێنێت. هەروەها ئەو شوێنەی کە پێشـــتر گەسکی لێداوە لە زەینیدا دەمێنێـــت و جارێکی دیکـــە بەوێدا نایەتەوە.


بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی Email: it @gulan-media.com Mobile: 07504514008